## بەسەرهاتی ئەو ژنە کوردەی مێردەکەی لەموسڵ کەوتە بەردەستی تیرۆریستان

# شیلان: لە پێناو بەدەستهێنانی پارە مێردەکەمم لەدەستدا

**هەڵمەت فاخیر**

لەدەست پێکی بەسەرهاتەکەم من ناوم شیلانە تەمەن ٣١ ساڵ، سەرەتا من کچی ماڵەوە بووم لەهەمان کاتدا پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێك هەبوو بەناوی رزگار، من و رزگار یەکترمان زۆر خۆشدەویست، ئەوەبوو رزگار هاتە داوام و منیش شووم پێکرد. لەدەستپێکردنی ژیانی هاوسەرگیریمان وام هەست دەکرد من یەکەم لەبەسەربردنی کاتەکانم بەخۆشی و کامەرانی. رۆژێك رزگار پێی گوتم "شیلان گیان بەو جۆرە نابێ من هەر لەماڵەوە بم دەبێ کارێك بکەم" ئەوەبوو رزگار بوو بەپێشمەرگە لەشاری موسڵ هەر جارێك بەرەو موسڵ بگەڕابوایە وێنەیەکی منی لەگەڵ خۆی دەبرد، من و رزگار هەر جارێك لێك دوور بکەوتینایە خۆشەویستیمان بەرە بەرە بەتین تر دەبوو هەمو جارێك لەموسڵ پەیوەندی پێوە دەکردم، دەتوانم بڵێم خۆشەویستی من و رزگار وەکو خۆشەویستی شیرین و فەرهاد گەورەبوو. بەهەر حاڵ دوای ئەوە من سکم پڕبوو واتە منداڵێك لەسکم دابوو ئەوەبوو رزگاریش گوتی "شیلان گیان من دەبێ بەیانی بڕۆمەوە موسڵ" منیش وتم "رزگار توخوا زوو زوو تەلەفۆن بکە زۆر ئاگات لەخۆت بێت"، ئەوەبوو رزگار بەیانیەکەی چوو بۆ موسڵ هەفتەیەك بەسەری دا رۆیی هیچ هەواڵێکی نەبوو پاش ئەوە رۆژی هەینی بوو زەنگێکم بۆ هات منیش وتم "رزگارگیان ئەوە بۆ هەفتەیەکە پەیوەندیت نەکردووە، بەڵام دەنگی کەسێکی تربوو ئەو گوتی "ببورە خوشکە تۆ چی رزگاری؟ منیش وتم "من خێزانی ئەوم بۆچی رزگار لەکوێیە ئەی بۆچی تەلەفۆنەکەی لای تۆیە تۆ کێی؟ ووتی " من هاورێی رزگارم ئێستاش دەمەوێ بێمە ماڵی رزگار ناونیشانەکەم بدێ؟ منیش وتم "کاکە چی بووە پێم بڵێ؟ ووتی "دەبێ لەماڵەوە بتبینم". بەهەر حاڵ ناونیشانی ماڵی خۆمانم داپێی ئەویش ووتی رۆژی هەینی دێم.

ئەوەبوو کەمێك وەستام پاشان خێرا تەلەفۆنم کرد بۆماڵی رزگار ئەوانیش هەموویان هاتن دوای ئەوە کەسێك لەدەرگای دا منیش خێرا دەرگاکەم کردەوە گەنجێك بوو ووتی "ئێرە ماڵی رزگارە؟ ووتم "بەڵێ کاکە فەرموو وەرە ژوورەوە، ئەویش هاتە ژوورەوە بێ ئەوەی سەلام لەئێمەو باوکی رزگار بکات یەکسەر دەستی کرد بەگریان و بەدەم دارو دیوارەکانی خانووەکەی ئێمەدا دەسووڕایەوە گریانی ئەو کوڕەبوو بەکۆسپێکی گەورە لەناخی دڵم، باوکی رزگار گوتی "کاکە بۆ دەگریی پێمان بڵێ؟ ووتی "مامەگیان چیتان پێ بڵێم رزگار بەدەستی چەند تیرۆریستێکەوە هاتەکوشتن، لەگەڵ بیستنی ئەو قسانە بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد وتم "رزگارگیان چیم لەماڵی دونیایە بۆ رۆیشتی و بەجێت هێشتم". زۆر گریام و هاوارم کرد، بەڵام بەداخەوە بێ سوودبوو رزگاری خۆشەویستم نەهاتەوە، ئەوەبوو لە پێناو بەدەست هێنانی پارەو ماڵی دونیا مێردەکەم لەدەستدا، پاش مردنی رزگار ژیانم بوو بە دۆزەخ. پاشان کوڕێکم لەرزگاربوو هەمو جارێك رزگار پێی دەگوتم "ئاوازگیان ئەگەر کچ بوو ناوی دەنێین (هێلین) و ئەگەر کوڕیش بوو ناوی دەنێین (دڵدار)، بۆیە نەمویست ناوێکی تری لێ بنێم ئەوەبوو ناوم نا (دڵدار).

دوای ئەوە چەند جارێك هاتن بۆ داخوازیم، بەڵام هەموویانم رەت کردەوە چونکە لە رزگار زیاتر کەس هێلانەیەك دروست ناکات لەناو دڵم، ناشمەوێ کەس ببێتە خاوەنی من کەس و کاری من هەموو (دڵدار)ە، ئەوەی دڵم ئەداتەوە دڵدارە تەنیا دڵدارە هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی باوکی دێنێتە بیرمەوە، منیش لەگەڵ پەیمانی خۆشەویستی بەڵێنم دابوو هەرگیز رزگار لەیاد نەکەم چونکە بەراستی خۆشمدەویست و بەخۆشەویستی ژیانمان دروستکرد، بەڵام لەپێناو بژێوی ژیان رزگارەکەم کەوتە بەردەستی تیرۆریست و ژیانی منیش تاڵ بوو هەروەك ئەو پەندە کوردیەم بیردێتەوە کە دەڵێت: (سەر سەلامەت بێ ماڵی دونیا هیچ نییە)، بەڵام بەداخەوە لەپێناو ئەو ماڵی دونیایە ژیانی من بوو بەدۆزەخ. هیوادارم لەبەسەرهاتەکەم سوودتان وەرگرتبێ، هیوادارم رێگە چارەیەك لەرێگەی رۆژنامەکەتانەوە بۆ گوزەرانی ژیانی من و دڵدار بدۆزنەوە.



**رزگارگیان چیم لەماڵی دونیایە بۆ رۆیشتی و بەجێت هێشتم**

# لەرێگای قوتابخانە فێری خۆشەویستی بووم

**هەڵمەت مەخمووری**

دوای تەواوبوونی کاتی قوتابخانە بەشێك لە کچە قوتابییەکان دەست دەکەن بەنیگاگۆڕینەوەو سەرنجی گەنجان بۆلای خۆیان رادەکێشن، لەلایەکی دیکەوە گەنجانیش لەبەرانبەر ئەوەدا دەستەوەستان ناوەستن و هەرچی رێگایەك هەبێت بۆ گەیشتن بەهەست و سۆزی کچان دەری دەبڕن. سەرەتا چیرۆك و بەسەرهاتی کچە قوتابیەکتان بۆ دەکەین ئەویش (چنار)ی تەمەن ١٧ ساڵ لەرێگای قوتابخانەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێشەوە فێری یەکەم وانەی خۆشەویستی دەبێت. هەروەك چنار دەگێڕێتەوەو دەڵێت "لەرێگەی قوتابخانەوە فێری خۆشەویستی بووم ئەوەبوو بەنیگاکردن سەرنجی گەنجێکم بۆخۆم راکێشا پاشان داوام لێکرد خۆی بێت و داوای خۆشەویستیم لێم بکات. پاش چەند مانگێك خۆشەویستیمان بەردەوام بوو، رۆژێك تەلەفۆنم بۆی کردو زۆر قسەمان کردو دوای ئەوە هەر لەرێگەی تەلەفۆنەوە خوشکەکەی خۆم (بنار)م پێ ناساند. دوای ماوەیەك وەکو هەموو جارانی پێشوو (مەریوان)ی خۆشەویستم تەلەفۆنی دەکرد پێمی دەوت "چنارگیان کەی بێمە داوات زۆرم خۆشدەوێی"، ئەوەبوو هەوڵمدا لەنزیکەوە مەریوان ببینم و، دوای ئەو یەکتر بینینە کاتی ژوانێکمان دانا، ئەوەبوو رۆژی شەممە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بەیەکەوە دانیشتین زۆر قسەمان بەیەکەوە کرد، بەڵام پاش ئەوە (بنار)ی خوشکم هاتە لامان و هەستم کرد خوشکەکەم خۆشەویستەکەی منی خۆشدەوێت".

لێرەدا چنار هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دوای کەمێك گریان و فرمێسك رژاندن، دواتر بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی "خۆشەویستی بێ مانایە لەگەڵ گەنجی ئەو سەردەمە، دوای ئەوە خۆشەویستەکەی جارانم مەریوان هاتە داوای خوشکەکەم و منی فەرامۆش کردو بە بەرچاوی من ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا..بۆیە ئێستا داخ لەدڵم! کوڕان تەنیا خۆشەویستی بۆ جوانی کچ دەکەن نەك بۆ خۆشەویستی و جوانی دڵ".




چناری دڵ بریندار بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویستەکەی مەریوان ئێستا بۆچوونەکانی تەواو پێچەوانەن پێی وایە "ئەوەی خۆشەویستی دەکات ژیانی تاڵ دەبێت".

هەڵبەتە بەسەرهات و چیرۆکی وەك چنارو مەریوان زۆرن یەکێکی تر لەو گەنجانەی دەرگای دڵی بۆ رۆژنامەکەمان کردەوەو باسی لەخۆشەویستی خۆی کرد کە لەرێگای قوتابخانەوە دروست بووە. (تەنیا)ی تەمەن ١٩ ساڵ، کوڕێکی باڵا مام ناوەندی و کراسێکی سپی و پانتۆڕێکی رەساسی لەبەرەو دەیەوێ بەسەرهاتی خۆی بۆ رۆژنامەکان بگێڕێتەوەو دەڵێت "خۆشەویستی هەستێکی پیرۆزەو هەموو کەسێك بەتایبەت لەتەمەنی گەنجی ئەو هەستەی لادروست دەبێت منیش هەر لەو تەمەنەوە هەستم بەخۆشەویستی کەسانی دەوروبەرم دەکرد، پاش ئەوەی ووردە وردە هێزێك کەوتە دڵم و دوای ئەوە هەستێکی خۆشەویستی بۆ کەسی بەرامبەرم پەیدابوو، بەڵێ کچان خۆشەویستی دەکەن، بەڵام خۆشەویستەکەیان بەپارەو کارتی مۆبایل خۆشدەوێ"، تەنیا بەردەوام دەبێ لەقسەکانی "من خۆشەویستی خۆم هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هیچ متمانەم بەخۆشەویستی بەرامبەر نەماوە، چونکە بەر لەجەژنی قوربانی رابردوو خۆشەویستەکەم داوای پارەیەکی زۆری لێکردم جگە لەمەش لەگەڵ چەندان گەنجی تر قسە دەکات، تێگەیشتم لەپێناو کارتی مۆبایل و مەبلەغێ پارە کۆمەڵێ گەنجی ئەو شارەی بەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بۆیە من هیچ متمانەم بەخۆشەویستی نەماوە چونکە ئەو کچانەی دەچنە قوتابخانەو پاش گەڕانەوەیان بۆماڵ لەسەر شەقامەکان دیاری و نامەی گەنجان وەردەگرن" بۆ ئەم مەبەستە رۆژێك (تەنیا) روو بەرووی خۆشەویستەکەی دەبێتەوەو پێی دەڵێ "بۆچی ئەوەندە قسە لەگەڵ کوڕانی تر دەکەی؟" خۆشەویستەکەشی یەکسەر وەڵامی دەداتەوەو بێ راوەستان دەڵێت "بۆچی کوڕان تا گەنجن بەدڵی خۆیان خۆشەویستی دەکەن و لەگەڵ کۆمەڵێ کچ پەیمانی خۆشەویستی دەبەستن و پاشانیش کچێکی نەناسراو دەخوازن! هەربۆیە ئێمەی کچانیش هەقی خۆمانە بەدڵی خۆمان بەکوڕان رابوێرین و پاشان شوو بەکوڕێکی نەناسراو دەکەین". دوای گوێ لێبوونی (تەنیا) لەوەڵامی خۆشەویستەکەی زۆر پەست دەبێت و دەڵێت "کەواتە خۆشەویستی راستەقینە نەماوە ئەوەی خۆشەویستی دەکات دەبێت سامانێکی زۆری هەبێ و هەربۆ کچانی وەکو ئێوە سەرف بکات". تەنیا لە بەسەرهاتەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ "بەداخەوە بەشی زۆری کچان و کوڕان مانای خۆشەویستی نازانن، بەشی زۆری کوڕان بەتایبەتی بۆ چێژوەرگرتن و رابواردن خۆشەویستیان کردۆتە چەکێك و یاری بەخۆشەویستەکەیان دەکەن، بەڵام خۆشەویستەکەی من لە پێناو ئەوەی پارەی بدەمێ چەند جارێك داوای لێ کردوومە لەگەڵی رابوێرم، راستی من باوەڕیم زۆر بەخۆشەویستی هەبوو، بەڵام ئێستا باوەڕیم بە خۆشەویستی لەگەڵ کچانی دەوروبەرم نەماوەو کچان زۆربەیان لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان خۆشەویستیان کردۆتە پیشەو لە پێناو کارتێکی مۆبایل ئامادەن کوڕێك بفرۆشن و فەرامۆشی بکەن".

## تایبەت بە خانمان

# بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن قژێکی جوان

**چریکە مەخمووری**

بۆ ئەوەی قژێکی درێژو بەهێزو بریسکەدارو سەرنج راکێشت هەبێ، زۆر پابەندی ئەم مادەو بۆیانە مەبە کە تێکەڵاوی ماددە کیمیاییەکانن و زیان بەپێست و تاڵە مووەکان دەگەیەنن، ماوەی (٣ تا ٦) مانگ جارێك جۆری ئەم شامپۆیە بگۆڕە کە بە کاری دەهێنی، شامپۆی پانتین یەکێکە لەباشترین شامپۆکان، بۆ نەرم و خاوکردنی قژ. هەروەها بەکارهێنانی حەمام زەیتێکی دەستکرد باشترە لەحەمام زەیتی ئامادەکراو کە لەبازاڕەکان دەستت دەکەوێت، ئەو حەمام زەیتەی لەبازاڕ دەستدەکەوێت بڕێکی زۆر ماددەی کیمیایی تێکەڵاو کراوە کە زیان بە قژ دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە گشت خانمانی ئازیز رەچاوی ئەوە بکەن، کە بەلایەنی کەم دوو هەفتە جارێك حەمام زەیتێکی دەستکرد بەکاربهێنێ و ماوەی (٣٠-٤٠) خولەك بە قژەکەت بیهێڵەوە، کاتێك حەمام زەیت لەقژت دەدەیت پێستی سەرت هەمووی بەباشی لێبدەو کلاوێکی نایلۆنی لێ ببەستە تا بەهۆی پلەی گەرمییەوە ئارەقە دەکات، بەمەش خانەکانی پێستی سەرو تاڵە مووەکان خاو دەبنەوەو دەحەسێنەوە، ئەم جۆرە حەمام زەیتەش (حەمام زەیتی دەستکرد) دروستکردنی زۆر ئاسانە کە لەخوارەوە چۆنیەتی دروستکردنی دەخەینەروو.

**کەرەستەکان:**

١ - سێ دانە سیر
٢ - نیو کوپ زەیتی زەیتون
٣ - نیو کوپ ئاوی لیمۆ
٤ - یەك کەوچکی زەلاتە گڵە سەر
٥ - دوو زەردێنەی هێلکە

**چۆنیەتی دروستکردنی**

زەردێنەی هێلکەکە جوان دەشڵەقێنین تا تەواو تێکەڵ دەبێت، زەیتی زەیتونی تێدەکەین و پاشان گڵە سەرەکەی تێدەکەین و تێکەڵی دەکەین، سیرەکە بە ئاون دەکوتین و تێکەڵی گیراوەکەی دەکەین، پاشان ئاوی لیمۆی لەسەر دەکەین، باش تێکەڵی یەکتری دەکەین تاگیراوەیەکی جوانی لێ دەردەچێت.

# بۆچی پیاوان ئەڵقە لەپەنجە ناکەن؟



**نیان ئیمام**

دیارە ئەڵقەگۆڕینەوە ئەو نەریتە باوەیە کە لەزۆرینەی کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بڵاوەو لەهەر کۆمەڵگەیەك بەپێی کەلتوورو نەریتی خۆی بە جۆرە شێوازێك رەنگی داوەتەوە. هەڵبەتە سەرەتای ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلیزەکان کە شازادەی بەریتانیا کاتێك هاوسەری دەستنیشانکردووە ئەڵقەیەکی کردووەتە پەنجەی دەستگیرانەکەی، لەدوای ئەو کارەی شازادە خەڵکی بەهەمان شێوەی ئەوە لەکاتی دەستنیشانکردنی هاوسەردا ئەڵقەی پێشکەش بەدەستگیرانەکەیان کردووە، ئەم نەریتە وردەوردە لەزۆرینەی وڵاتانی خۆرائاوادا بڵاوبۆتەوە، پاشان بووە بەنەریتێکی باو لەهەموو ئەورووپادا لەوێوە بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە.

ئەڵقە لەپەنجەکردن بەواتای ئەوە دێت کە ئەو کەسە خاوەنی هاوسەری خۆیەتی و گیان و جەستەی داگیرکردووە. ئەو خوێندنەوەش وای لەزۆرینەی پیاوان کردووە بەکاری نەهێنن و خۆیان لێ بدزنەوە، بەڵام هەندێ لەپیاوان دان بەو راستیەدا نانێن یاخود بە هەستیاریەوە ئەڵقەی پەنجەیان فڕێ دەدەن و بەکاری ناهێنن.

لەکۆمەڵگای کوردەواریدا لەدەستکردنی ئەڵقە بۆ پیاوان بەجۆرێکە کە زۆربەکەمی ئەڵقە لەدەست دەکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەی کە وای بۆ دەچن کە حەرامە بەپێی ئایینی ئیسلام، یاخود وای دادەنێن ئەگەر ئەڵقەیان لەدەست بێت بەستراونەتەوە کەس سەیریان ناکات یا بۆ ئەوەی کە کەس نەزانێت ئەو پیاوە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. دواجار دەکرێ باسی ئەم ئەفسانە زارەکییە بکەین کە سەبارەت بە ئەڵقەی دەست، بەپێی ئەو ئەفسانەیە نەریتی ئەڵقە لەئاژەڵەوە وەرگیراوە کە ئەویش (ورچ)ە، واتا ورچ کاتێك ژنێك یاخود پیاوێکی رفاندووە بۆ خواردن نەبووە بەڵکو وەك هاوسەرێك لەگەڵی بژی و چێژی لی وەربگرێ ئەفسانەکە وای دەگێڕێتەوە ئەو ورچە بۆ ئەوەی ئەو کەسی لێ وون نەبێ ئەڵقەی خستۆتە ناو پەنجەی کە دەستنیشان بووە لەناو خەڵکیدا وەك ئاماژەیەك کە ئەوکەسە خاوەنی هەیە کەسی تر بۆی نییە بیکاتە موڵکی خۆی. پاشان مرۆڤ سوودی لەم نەریتە وەرگرتووەو لەکاتی دەستنیشانکردنی کچێکدا بەپێچەوانەوە بەئەڵقەیەك خەڵکی پێ ئاگادارکردۆتەوە کە ئەو کەسە موڵکی خەڵکی ترە. تائێستاش ئەو رەمزو نیشانە هەمان خوێندنەوەی بۆ دەکرێ هەر ژنێك، پیاوێك ئەڵقەی لە پەنجەدابوو بێ بیرکردنەوە کەسی بەرامبەر دەزانێ ئەو کەسە داگیرکراوەو یا موڵکی کەسێکی دیکەیە.



## کێخوا (سێوێ):

# شانازی بەوە دەکەم کە عەزیزی مەلای رەش رۆمانێکی لەسەر نووسیوم

کێخوا سێوێ ناوی تەواوی ( سێوێ عەبدولقادر حوسێن)ە، تەمەنی لە ٦٥ ساڵ زیاترە لەگوندی (سەلماس)ی سەر بەقەزای مەخموور لەدایکبووە، ئێستاش هەر لەوگوندە دادەنیشی، ئافرەتێکی قسەخۆش و دەم بە خەندەو پێکەنین و پاك و خاوێنە، بەڵام بەساڵاچووە بەگۆچان دەڕوات. هەروەك لەو بەسەرکردنەوەی (دەنگی مەخموور) دەڵێت "کوڕە من قسان دەکەم خۆ لۆ ئێوە خراپ نی یە". بۆیە بەباشمان زانی سوارچاکی و عەگیدی ئەم ئافرەتە کوردە لە نزیکەوە بەخوێنەران بگەیەنین.

**دیمانە: جەلال خەیلانی - محەممەد ئەبوبەکر**

*** بۆچی پێتدەڵێن کوێخا سێوێ؟**

- کوڕی خۆم کە بابی من ئەمری خوای کرد کوڕی نەبوو شەش کچی هەبوو من کچی گەورەی بووم خەڵك زۆر هەستان و گوتیان ئێمە دەبینە ساحێبی ئەو هەموو موڵك و ماڵەی پێش گەمەم پێ بکرێت وەلەو منداڵ بوو بڵم زۆر زندی بووم مردۆخ نەبووم، چونکە بابم فێری کردم گووتی هەتا ماوی چاو دانەنێی. هەموو کات دەمانچەم لەدەست بوو لەگەڵ باوکم بووم بەشەوو بەرۆژ زۆر رێزی لێدەگرتم زۆرکەس لەخزمو کەسەکانم وتیان ئەوە باوکیان مرد هەریەکە لەو کچانە مارە دەکەین لەخۆمان یان لەکورەکانمان مارە دەکەین منیش لەوکاتەی من لەشوێنی باوکم دانیشتم وەك کێخوا تاکو ئەو ناوبانگەم دەرکرد.

*** تۆ ئافرەت بووی نەدەترسای کەپەندێکت پێ بکەن؟**

- نەوەڵا ترسی چی و حاری چی دەمانچەم لەسەرسەری زەلامی دادەنا نەدەوێرا جولەی بکا.

*** توشی هیچ شەرێ نەبووی لەو قەراجەی؟**

- کورە بەرێ وەڵلا چەند جار توشی شەرێ بویمە لەو قەراجەی هەر فشەم بێدەهات ئەویش لەسەر مەڕی بوو دەیان گوت بامەڕ بێرە دانەڕوات منیش بەشەڕ مەڕەکەم تێپەڕ دەکرد.

*** چ جۆرە چەکێکت هەبوو؟**

- دەمانچەی چواردە خۆرم هەبوو لەگەڵ بڕنۆی (سەرسەرێ من بڕنۆ)، چونکە نیشانە شکێنێکی باش بووم لەسوار چاکیش بێ هاوتابووم ئەوەتە خەرکیش شایەتن.

*** رات چیە دەربارەی رۆماننوس (عەزیزی مەلای رەش) لەسەر تۆ رۆمانێکی نووسیوە؟**

- شانازی پێوە دەکەم چونکە سەربەرزیە بۆ کوردو دەڤەرەکە بەگشتی.

*** ژیانی گوندی چۆنە لەگەڵ رابردوو؟**

- وەڵاهی چ برێم چ فەرقی پێناکەم بەنسبەت خۆم چونکە ئێستا پیر بویمە ئەوکات ١٦٠٠ سەر مەڕم هەبوو رۆژێك عارەب هاتن مەڕەکەم ببەن لەساڵی ١٩٦٣ منیش کردمە شەر لەگەڵیان بەهاوکاری خەڵکی گوندی تاکو بەپڕەپڕ هەراتن.

*** ئەو گوندەی کە پێشتر تۆ کێخوابووی چەندماڵ بوو ئێستا چەند ماڵە؟**

- هەرئەوەندە بوون کەئێستادا لێرەن هەموو خانووی کردیە تەنها ئەمن نەبی.

*** تۆ ئەوەندە ناوداربووی حکومەت هیچی بۆ نەکردووی؟**

- نەخێر هیچ یارمەتیان نەدایمە، چونکە هیچ فەردەگەنم بۆ رەوانە نەکردینەو هەتا سبەینێ خزمەتم نەکردینە کورە دەلێیان گەرێ (هەرناویان مەینە لەکنەمن) حەزدەکەم رۆژێك بانگم بکەن، بەڵام ناوێرن چونکە هیچیان بۆ نەکردیمە هیچیان لۆ گونیش نەکردیە تەنها رێکخراوی (ریچ) نەبێ هەندێك ئاودەستیان بۆ دروستکردوین لەرووی کارەباوە ئەو مۆلیدەمان هەیە کەئێستا گازیان لێ قەتع کردینەو نامان دەنێ ئێستاچاویان لەو مۆلیدەیە بیبەنەوە، بەڵام ئاوی خواردنەوە لەسێ رۆژ جارەك ئاومان بەتەنکەر بۆدێ.

*** تاکۆ ئێستا بەرپرسانی مەخموور سەردانی کردی؟**

- کورەبابە ئەوان لەسەر شانی ئێمە بوینە ئەو پیاوە منەتیشمان لەسەردەکەن سەردانی چی و حاری چی.

*** قەرەبووی ماددەی (١٤٠)ت وەرگرت؟**

- بەدی شمولی کردیمە خواردیان نەیاندامێ پارەیان نەداینێ عەیف نییە! ئێمە پارە وەربگرین گوندمان تێك نەچووەو خزمەتی پێشمەرگەمان نەکردیە (تەنها شمولی ئەوانە دەکات کە چەلاوخۆرن و لەدوویان دەڕوات) شمولی ئەوان دەکات.

*** داواکاری چیت لە بەرپرسان هەیە؟**

- هیچم لەوانە ناوێت چونکە هەتا ئەوان بەرکیان پڕدەبێت منیش دەمرم با ئەوان بیخۆن!، بەڵام خوا سەلامەتیان بکات خوا رێگای راستیان پێ پیشان بدات.

*** هیچ مووچەیەکت هەیە؟**

- ناوەڵلا ئەوانە کو پارەی دەدەنەمە تەنها بۆ پیاوەکانی خۆیانە، من هیچ منەتم بەپارە نییە، ئەگەر پێویست بووم خانیەکم هەیە لەهەولێرێ دەیفرۆشم مەسرەفی خۆمی پێ دەکەم هەتا تەمەنم ماوە.

*** گوندەکەتان رووی لەئاوەدانیە یان چۆل بوون؟**

- ئەگەر ئەوها بڕوات پاش ماوەیەکی تر هەمووی چۆل دەبێ کەسی تێدا نامینێ و مەخمووریش چۆل دەبێ چونکە هیچی لۆ نەکرایە.

# برایمی بایز ئاغای دزەیی ئەو کەسایەتییەی مەخمووری ئاوەدان کردەوە

**دەنگی مەخموور**

## ئاورێك لەمێژووەوە

شارۆچکەی مەخموور یاخود راستتر بڵێین قەزای مەخموور، مێژوویێکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆسەردەمانی بەر لەئیسلام و ئاشوورییەکان بەتایبەت بۆ سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی دوای دۆزینەوەی پاشماوەی کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، هەروەها چەندین شوێنەوارو ئاسەواری کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە کە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە مێژووی ئاوەدانی لەدەڤەری مەخموور زۆر دێرینە.

ئەگەر بمانەوێ باس لەمێژووی شاری مەخموور بکەین مەحاڵە بتوانین باس لەکەسایەتی ناوداری گەلەکەمان (برایماغای دزەیی) نەکەین، چونکە ئەو زاتە مەزنە سومبولی بەرخودان و نیشانەی مرۆڤێکی کۆڵنەدەرو کوردێکی بێ وێنەبووە، ئەو کەلەپیاوە جیا لەهەر کەسێکی ئاسایی لەسەردەمێکدا کە کەم کەس هەبووە لەو بارودۆخەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بتوانێت یاخی بێت و گوێرایەڵی فەرمانەکانی سەرانی دەوڵەتی عوسمانی نەبێت، لەبەرئەوەی هەستی کوردایەتی لەناخی ئەو کەسایەتییە ئەوەندە بەرزبووە، ئەمەش وای لێکردووە کە بیر لەوەبکاتەوە کە سنوورێك بۆ دوژمنانی خاك و نیشتمان دابنێت.

لێرەدا نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە ئەو شوێنەی ئێستای مەخمووری تێدایە شوێنی راستەقینەی شارەکە نییەو، بەڵکو بەر لەدروستکردنی ئەو مەخموورەی ئێستا کاتی خۆی مەخموورە کچگەلە هەبووە، دواتر لەلایەن کەسایەتی ناوداری کورد (برایماغای دزەیی) لەدەوروبەری ساڵی 1865 لەناوچەی قوشتەپە هاتۆتە ئەو دەشتەو قەلاتی مەخمووری ئاوەدانکردۆتەوە. بەمانایەکی دیکە برایماغا یەکەم کەس بوو کە مەخمووری بونیات نا.

دەربارەی سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی قەلاتی مەخموور کەسایەتی ناوداری مەخموور (هاوار ئاغا)کە نەوەی برایماغای دزەییەو ئێستا لەمەخموور دادەنیشێت دەڵێت: ئەوکاتەی برایماغا هاتۆتە دەشتی مەخموورو لەسەرقەلات خانووی دروستکردووەو دواتر هانی خەڵکی داوە کەبێن ئەو دەشتە ئاوەدان بکەنەوەو ئەوکاتە خێرو بەرەکی ئەو دەشتە زۆربووەو بەشێوەیەکی زۆرسادەوبەرێك پێکی ژیاون و هیچ خەم و کێشەیان نەبووە.

هەروەهاهاوارئاغا لەدرێژەی قسەکانی دەڵێت: لەدەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ دوای ئەوەی لەلایەن دەسەلاتدارانی عوسمانی هێزیان هێناوەتە مەخموورو لەو شوێنەی ئێستای مەخموور هەندێ بینایەیان دروستکردووەو لەوکاتە قشڵەی مەخموور دروستکراو دواتر داوایان لە برایماغا کردووە کە قەلاتی مەخموور جێ بهێڵێت و لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەگەڵی بوونە بێنە ناوە مەخموور، بەڵام وەك مام هاوار ئاماژەی بۆ دەکاو دەڵێ: برایماغا ئەو پێشنیازەی عوسمانی قەبوول نەکردووەو بۆ ماوەی دوو ساڵ شەڕی لەگەڵ عوسمانییەکان کردووەو دوای ئەوەی بەهێزو بەشەڕ نەیانتوانیوە هیچ لەگەڵ براماغا بکەن، بەناچاری بونەتە دۆستی و بەشێوەیەکی فڕتوفێل رۆژێکیان بەبیانووی دەعوەتکردن دوای ئەوەی هێزێکی زۆریان هێناوەو لەچیا جێگیربوونەو دواتر لەوەختی نان خواردن بەسەریان داداون و بەنامەردی براماغایان دەستگیرکردو رەوانەی شاری بەغدایان کردووەو بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندانی کراوە، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆری بایزاغای باوکی برایماغا بەردراو بەو مەرجەی کە برایماغاو ئەو خەڵکەی لەگەڵی دایە بێینە ناوی مەخموورو قەلات جێبهێڵن، بەم جۆرە جارێکی تر برایماغا دەگەڕێتەوە مەخموورو دەبێتە حاکمی ئەو شارەو شارۆچگەی مەخموور ئاوەدان دەکاتەوە.

بەگوێرەی بۆچوونەکانی هاوارئاغا، ئەوا برایماغای دزەیی نزیکەی ٦٠ ساڵ حکومی مەخمووری کردووە، بەتایبەت لەدەشتی قەراج کە ئەوکات تەنیا نەتەوەی کورد لەو ناوچەیە هەبوونە، لەماوەی حوکمی برایماغادا خەڵکی ئەو ناوچەیە دەستیان کردووە بەکشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بەم جۆرە مەخموور لەسەر دەستی ئەو کەلەپیاوە فروانتر بووەو ئەوکاتە مەخموور چەند عەشیرەتێکی تێدابووەو پیاوی زیرەك و لێهاتوویان هەبووە هەروەك عەشیرەتەکانی (دزەیی، پالانی، بندیان، شێروانی... تد).

دوای نەمانی عوسمانییەکانی و هاتنی ئینگلیز، برایماغا تارادەیەکی زۆرباش هاوکاری ئینگلیز بووەو لەچەند شەرێکدا قارەمانێتی بێ وێنەی نیشان داوەو سەرنجی خۆی بۆ لای ئینگلیزەکان راکێشاوەو بەردەوام لەلایەن ئینگلیزەوە پرس و رای پێکراوەو وەك حاکمی ئەو شارە حیسابی تایبەتیان بۆکردووەو تادەگاتە سەردەمی رۆیشتنی ئینگلیز لەعێراق ئەوکاتە هاتونەتە لای برایماغاو خواحافیزی و دوعابونیان لێ خواستووە.

لەپاشان لەساڵی ١٩٢٠ برایماغای دزەیی کۆچی دوایی دەکات و لەتەمەنی ٨٠ ساڵی بۆ هەتا هەتایی ماڵئاوایی لەژیانی پڕ لەشانازی و دەستکەوت بۆ گەل و نیشتمانەکەی لەسەر گردێکی بەرامبەر شاری مەخموورو لەبناری چیای قەرەچووغ لەگومبەتەکەی خۆی دەنێژرێت و هەرئەو گومبەتەش دەبێتە گەورەترین نیشانە تا ئەو شارەش مابێت جوامێری و ئازایەتی ئەو کەلەپیاوە مەزنە لەیادناکات.



گومبەتی برایمی بایزاغای دزەیی

## بواری جوگرافیی مەخموور

شارۆچکەی مەخموور دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری هەولێر (٦٧ کم) لەشاری هەولێرەوە دوورە، لەرووی جوگرافییەوە شوێنێکی گرنگەو دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورەو زێی گچکە، بەپێی دابەشبوونی هێلەکانی سەرگۆی زەوی دەکەوێتە خوارووی هێڵی(٣٦)ی پانی وهێڵی (٤٣ -٤٤)ی درێژی، لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی ١٩٢١ەوە دواتر شارۆچکەی مەخموور لەساڵی ١٩٢٧ بووەتە قەزا، قەزای مەخمووریش لەسێ ناحیە پێکدێت ئەوانیش بریتین لەناحیەکانی (گوێر، کەندێناوە، قەراج)، وزیاتر لە ٢١٠ گوند لەخۆی دەگرێت لەوژمارەیان ٤٩ گوندیان عەرەبنشینن، ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ١٩٩٠ (٨٥٧٥١) کە (٤٢٧٤٥) نێرو (٤٣٠١٦) مێ بوون. دانیشتوانی لە ٦٠٪ پترکوردن و بەشێکی عەشایری عەرەب لەناحیەی قەراج وکەمێکیش لەناحیەی گوێر هەن.

یەکەم قایمقام لەقەزای مەخموور کە دەست بەکاربووە بەنێوی (عەبدولرەحمان محەمەد سەعید بابان) بووە، لەوکاتە مەخموور (٧٥) ماڵی تێدابووە، پێکهاتەی مەخموور لەوسەردەمە تەنیا کوردو چەند ماڵە جولەکەیەکی لێ بووە، دوای ساڵی ١٩٥٠ بەتەواوی جولەکەکانی مەخموور کۆچیان کردوو تەنیا کورد لەو شارە ماونەتەوە. بەڵام دوای کودەتای ١٩٦٣و هاتنە سەرحوکمی بەعسییەکان، لەوکاتەوە پرۆسەی تەعریب و بەعەرەبکردن بەشێوەیەکی چڕتر دەستی پێ کردوو و، بەتایبەت لەدوای ١٩٧٠ یەکەم ماڵە عەرەب هاتونەتە ناو جەرگەی شاری مەخموور. دواتر لەساڵانی هەشتاکان سەرجەم گوند ودێهاتەکان تەنانەت ناحیەی کەندێناوەی بەتەواوی بەرشاڵاوی ڕاگوستن وتێکدان کەوتوون و تێکرا لە ٧٠٪ رووبەری مەخموور بەرشالاوی تەعریب و تێکادان بۆتەوە.

تاوەکو راپەرینی بەهاری ١٩٩١ شارۆچکەی مەخموور تەنیا ٢٠ رۆژ ئازادی بەخۆیەوە بینی و دواتر جارێکی دیکە کەوتەوە دەستی رژێمی بەعسی رووخاو، تادەگاتە پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ بۆیەکجارەکی ئەوشارۆچکەیە ئازادکراو ئێستا نزیکەی ٢٥ تا ٣٠ هەزار هاوڵاتی تێدا دەژی.

ئەوەی گرنگ بێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەو بڕیارەبوو کە لەئەیلوولی ١٩٩٦ بەبریارێك قەزای مەخموور خرایە سەر پارێزگای موسڵ و تاهەنووکەش سەربەوپارێزگایە ماوەتەوە، جگەلەمەش کارێکی تری تێکدەرانەی رژێمی بەعسی رووخاو بۆ شێواندنی سنووری جوگرافی ئەو ناوچەیە هەستا بەدابڕانی چەند گوندێك لەقەزای مەخموورەوە بۆ سەر سنووری پردێ، ئەوانیش بریتی بوون لە چەند گوندێك لەگوندەکانی ناحیەی کەندێناوە کە بەناحیەی سەرگەڕان ناسراوە.

ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە مەخموور شارێکی کوردستانییەو، هەموو بەڵگەو دیکۆمێنتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، جگە لەمەش دەشتی قەراج و کەندێناوە بەهەمان شێوە هەمووی کوردبوونەو جگە لەکورد نەتەوەی دیکەی وەك عەرەبی لێ نەبووە.

بۆ مەبەستی بەرگریکردن لەو خاکە کەسایەتی ناوداری کوردو مێرخاسی دزەییان ئەویش (برایماغای دزەیی) بوو کە مەخمووری بونیاتناو ئاوەدانی کردۆتەوە. هەرچەندە بەردەوام لەلایەن دوژمنانەوە هەولی زۆر دراوە بۆبنەبڕکردنی نەتەوەی کوردو تێکدانی گوندودێهاتەکان، بەڵام نەیانتوانیوە سیمای کوردانەی ئەو شارە بگۆڕن.

## گەشتێك بەنێو هۆزو عەشیرەتەکاندا

**عەباس سلێمان سمایل**

**گەردی:** هۆزێکن سەرەتا لەکوردستانی تورکیاوە هاتوون و لەباکووری شاری هەولێر جێواربووینەو پاشانیش هەندێکیان هاتونەتە دەشتی ملکیە، کەندێناوە، دەڤەری دیبەگەش هەرخۆیان ئاوەدانیان کردۆتەوە.

**مەموندی:** سەرەتا لەناوچەی مەموندی نێوان چیای سپیلك و گوندی سیساوە لەسەردەمی حارسانی گوێزراونەتەوە بۆ ناو شاری هەولێرو دەوروبەری و ئێستا خاوەن موڵك و ماڵێکی زۆرن لە هەولێرو گوندەکانی دەوروبەری شار. لەگوندەکانیان وەکو چالووك...

**هۆزی دزەیی:** ئەم هۆزە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە گوندی (دزێ)ی (ورمێ)، دەوروبەری ١٥٠ ساڵ دەبێ هاتونەتە ئەم دەشتەو بەهۆی سیاسەتمەندی خۆیانەوە لەگەڵ عوسمانییەکان رێك کەوتن، پاشان بەهۆی ئینگلیزەکان توانیان ئاغایەتی لەدەشتی هەولێردا بکەن.

**کاررەش:** دەڵێن ئەم هۆزە کاتی خۆی لەرۆژئاوای شنۆو تادەگاتە سیدەکان بە پەرتو بڵاوی دەژیان و پێلاوەکانیان لەچەرمی گای رەش بووە.